# پلینۆم یا مستەوسەفێک بۆ عەمەلیاتی گەورە!

## (مەشهەدێک لە پلینۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

حەمەغەفور
hamaxafoor@yahoo.co.uk

لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی یەکێتی نیشتمانیدا بە سەرپەرشتی جلال تاڵەبانی کە پێیدەڵێن پلینۆم، ووتارەکەی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی هەموو شتێکی هەڵسەنگاندو شیکردەوەو ڕێگاچارەی گونجاویشی بۆ خستەڕوو. هەر لە (ناپاکی و مشەخۆری و بەرتیلخۆری وگەندەڵکاری و دەستەگەری ودزی و فزییەوە–ئەم سیفەتانە خودی تاڵەبانی بۆ ئیدارەو دەسەڵاتی حیزب و حکومەتەکەی بەکاری بردوون نەک من–!) بگرە تا دەگات بە گرفت و گۆجبوونی سیاسی و حیزبی و حکومی، لە ڕیزی ئەم حیزب و حکومەت و دەسەڵات و دەوروودوکانەدا لە کوردستان، هەمووی لەو شیعارەی سەرەوەدا؛ "چاکسازی..پاکسازی، نەهێشتنی دەستەگەری و گەندەڵی"!دا خەست و چڕکردەوەو لە نمایشێکی سەیردا یەکێتی ڕیزەکانی (یەکێتی نیشتمانی) بۆ نوێکردەوە. هەر لەوێشدا بەڵێنیدا بە "گەلی کوردستان" بەدوای ئەم پلینۆمەدا ئیتر سنوور بۆ ئەو سیفەتانەی سەرەوە دادەنرێ، (***"لەمبوارەشدا ڕوونیکردەوە کە من مەبەستم ئەوە نییە نابێت ژیانی کادرو لێپرسراوان خۆشبکرێت، بەڵکو نیازم ئەوەیە کە بڵێم هەموو شتێک بە مەحدودییەت وموبەریرو ڕادەی پێویستی خۆی"– سەرچاوە ووتارەکەی تاڵەبانی کە لە لاپەڕە 1ی(پلینۆم)پاشکۆی کوستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە***)،چیتر بەو شێوە ئاشکراو بێ ئابڕوانەیەی ڕابوورد ڕاووڕووت و گەندەڵی و بێ سەروبەرەیی کۆتایی دێت. لە پێناوی ئەم ئامانجە "پیرۆزەش"یدا تاڵەبانی خۆی یەکەمین کەسێک بوو کە بە "دوو دەستی وەفاو بە نیشانەی یەکڕیزیی لەگەڵ 4چواردانە لە سەرە گەورە خاوەن فایلەکانی حیزبەکەی(***سەعدی ئەحمەد پیرە، ئاسۆ ئەڵمانی، شاڵاوی عەلی عەسکەری، مستەفا چاوڕەش***) "پلینۆمی کردە کەرنەڤاڵی بەخشینیان و چەپڵەڕێزانی "یەکێتیانەی!" بۆ سازکردن! ئەمەیە ئەو دەهۆڵلێدانە بۆ سەروەریی یاسا لە کوردستان!؟ حیزبێک خۆی دەسەڵات بێت بەمشێوەیە دادو دادپەروەری و یاسا تەماشاکات، دەبێ حاڵی هاووڵاتیانی چۆن بێت!

بەڵام ئایا تاڵەبانی ئەم کارەی لە پێناوی چیدا کرد؟ بۆ ئەوەی بەڕێزیان سەرەتا خۆیان وەکو "پارێزەرێک"، یا وەکو تێکۆشەرێکی دێرین و ئینجا وەکو وەفایەکیش بۆ "شەهیدان" پاشان وەکو سەرۆکی حیزبەکەی، دواتریش بە سیفەتی ئەوەی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵە، بەر لە هەموو کەس خۆیان بۆ ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی و بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان و لە پێشیانەوە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بسەلمێنێ کە یاسا سەروەری هەمووانەو هەمووان لەبەردەم یاسادا بەو چاوە تەماشادەکرێن کە جەنابی تاڵەبانی سەیریدەکات!! یاخود یاسا لە چاوی تاڵەبانییەوە کۆمەڵێک پرەنسیپی حیزبی و سیاسییە، هەتا ئەسپی لێهاتوویی و شارەزایی خۆی لە بەکاربردنی تاکتیک وهونەری سیاسی و دیبلۆماسی بە مەبەستی فریودان و خۆڵپژاندن بە چاوی خەڵک و جەماوەری تێدا تاوبدات. بەلای جلال تاڵەبانییەوە هونەری یاساو سەروەرییەکەی ئەوە نییە بەر لە هەر شتێک ئازادییە سیاسی و فەردی و کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت بۆ کولتوورو مۆراڵێکی سکۆلارو هاوچەرخی کۆمەڵگایەک و یاساو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێنێتەئاراوە. عەدالەتێک کە چاودێری و پارێزگاری لە کرۆکی سەروەرییەکانی ئینسان بکات و

کۆمەڵێکی بە ئیرادەو ئەفرادی ئازادو سەربەخۆو خەڵلاق بخولقێنێ، بەڵکو هونەرەکەی ئەوەیە چۆن بتوانی سەرلەبەری ئیرادەو تواناو نەترسیی ئەفرادی کۆمەڵگایەک لە فیلتەری حیزب و دەسەڵاتەوە جڵەوبکەیت و لەباریبەریت. تاڵەبانی دەیەوێ پێمان بڵێ، بەر لە پلینۆم ئەگەر "بەمجۆرە سەیری یاسا نەکراوە"و بڕیک کەموکوڕی و شت بووبێت، کە ئەویش ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر جەنگی ناوخۆیان کە تەئسیری خراپی هاویشتبووە سەر ئەزموونەکەیان، لێرەبەدواوە هەموو شتێک چاکدەبێ و هەمو دەزگا حیزبی و حکومییەکان وەکو سەعات کاردەکەن!!

مەبەستی من لێرەدا ڕەخنەگرتن نییە لە بیرۆکراسییەتی یەکێتی چ لە ناوخۆی خۆیدا بێت یا لەناو ئەو دامودەزگایانەی ناوی حکومەتی لەسەر دانراوە یان خەڵکی، گشتی وە یا جەماوەرییان پێدەڵێن. هەروەها دیارە نەوعی دیموکراسییەک کە پێی پابەندە یا نییە لێرەدا بەهیچجۆرێک جێگای تێبینیی و جێی مەبەستم نییە. ئەم حیزبەو پارتی دیموکراتیش لەو حیزبانەن کە لە ڕۆحیانەوەو لە وجودیانەوە، لە تاپۆو پێکهاتەو کاروکاردانەوەیانەوە بە شیدەت لەژێر کاریگەری کولتوورو ڕێساو ڕەوشتی حیزبی بەعسدایەو هەرگیز ناتوانن لە حیتەی ئەو فەرهەنگ و چەمکە سیاسی و ئەخلاقیانەی ڕژێمی سەددام دەربازبین. وەک چۆن سەددام و دامودەزگای حیزبی و حکومییەکەی لە زاتی خۆیانداو لە پرۆسەیەکی قەهراویدا، لە فەنتاسیایەکی شێتانەی لە خشتەبردن و بە حەوادابردنی قەڵای قودرەتی قەومێکدا، تەجسیدی ڕۆحییەو نەزعەی خەستترین و دڕترین قەومپەرستیی عەرەبییان کردو وەکو تەوقێک ئاڵاندیانە گەردنی کۆمەڵگای عێراق و خۆشیان پەڕینە سەرەوەی و دامودەزگای حوکمرانی و سەرکوت و ئیعدام و کۆمەڵکوژییان لەسەری هەڵچنی! ئەم دوو حیزبەش بە کردەوە کوردایەتی و نەتەوەپەرستی کوردییان لە پێناوی دەسەڵات و دەسبەسەراگتنی داهات و بوون و نەبوون و هەست و نەستی کۆمەڵگای کوردستاندا ئیستیغلال کردووەو بەردەوام خەڵکی کوردستانی پێ گێژدەکەن. ئەوەی مەبەستمە وەکو مەشهەدێک هێندەی نووسین بوار بدات لەم پلینۆمەی یەکێتی وێنای بکەم ئەوەیە، بەڕای من پلینۆم لە مستەوسەفێکی گەڕەکە هەژارنشینەکانی کوردستان دەچێت، کە ئیمکانییەتی چارەسەری نەخۆشی تیاچنگناکەوێت، جگە لە حەبی سەراسێ و هەڵمەت شرینقەی باداری، جا قەباعەت ئەوەیە کەسێک بەنیازبێت عەمەلیاتی گەورەی تێدا ئەنجامبدات!! یەکێتی نیشتمانی و جلال تاڵەبانی دنیایەک کێشەو گرێکوێرەی کەڵەکەبووی حیزبی و حکومیان بردۆتە مستەوسەفی پلینۆمەوە!

2007-1-11